

# ژنان چارەسەرە هەمیشییەکانی ئاوارەبوون بە ئەزموون دەکەن

تجارب بە ئەزموونکردنەکان
لە پارێزگای نەینەوا

ئاداری ٢٠٢٤

IOM
ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ئاژانسی کۆچ-ی نەتەوە یەکگرتووەکانە و پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. تا بۆی بکرێت ڕێکخراوی (IOM) هەوڵدەدات کە زانیارییەکان ڕاست و دروست بن، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش نە بە دەربڕین نە بە واگەیاندن ناکات کە ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەردەستن تەواو و دروست و گونجاون.

ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق بەرهەم هێنراوە. بە پاڵپشتی حکومەتی هۆڵەندا ئەم بڵاوکراوەیە ئەمادەکرا و بڵاوکرایەوە. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، بۆچوونەکانی نووسەرانن و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی حکومەتی هۆڵەندا یان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-بن.

ئەم بڵاوکرایەوە بەبێ ئەنجامدانی هەڵەچنینی فەرمی لەلایەن ڕێکخراوە IOM-ەوە بڵاوکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ڕەزامەندی بەشی بڵاوکراوە و پلاتفۆڕمەکان (PUB)ی ڕێکخراوی IOM، کە تایبەتمەندە پابەندبوون و پێگیریکردن  بە شێواز و ستایلە ستانداردەکانی ڕێکخراوەکە، بڵاوکرایەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ناونیشان: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد/عێراق

ئیمێل: iomiraq@iom.int

ماڵپەڕ: iraq.iom.int

ڕێکخـــــراوی نێودەوڵـــەتی کـــۆچ (IOM) ٢٠٢٤

هەموو مافێکی پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت،  بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

# پێرست


**١- خستنەڕووێکی گشتی پڕۆژە** ٤

**٢. ڕێباز** ٤

سنوورەکان و مەوداکان ٥

**٣. دەرئەنجامە سەرەکییەکان** ٥

بڕیاری گەڕانەوە ٥

دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەکان ٧

دۆخی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون ٩

کاروکاسبی بژێوی ژیان ١٢

تۆڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ١٤

دید و ئاسۆی داهاتوو ١٧

**٤- کۆتایی** ١٧

**٥- ڕێگەی داهاتوو** ٨١

**پاشکۆ** ٢٠

دابەشکردنی نموونەکان ٢٠

## ١- خستنەڕووێکی گشتی پرۆژە

ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە توێژینەوەیە لە ئەزموونی ژنانی ئاوارە و یەکگرتنەوەیان لە ناوچەکانی زێدیان. ئەم توێژینەوەیە دەڕوانێتە ئەو لاوازی و بەبەرستانەی بەردەم ژنان کە کاریگەرییان لەسەر یەکگرتنەوەیان هەیە. ڕاپۆرتەکە دەڕوانێتە ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر بڕیاردان هەیە لە کاتی پرۆسەی چارەسەری هەمیشەییەکان، هەروەها کاریگەریان لەسەر ژنان بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکانی یەکگرتنەوە هەیە. ئامانج لەم ڕاپۆرتە خستنەڕووی شیکارییەکی گشتگیرە بۆ ئاگادارکردنەوەی داڕشتنی پرۆگرامەکان لە هەوڵەکانی پاڵپشتیکردنی و داکۆکیکردن ئاوارە ناوخۆییەکان (ئاوارەکان) و گەڕاوەکان. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە توێژینەوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەستووە لەوانەش: بەرەوپێشچوونەکانی بەرەو چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق: پرۆژەیەکی تاقیکاری لە پارێزگای نەینەوا (٢٠٢٣)، دووبارە وێناکردنەوەی یەکگرتنەوە و یەکخستنەوە: شیکاری گەڕانەوەی جێگیرەکانی دوای شەڕ وململانێ (٢٠٢٣)، و هەژاری و دەروونی و ماددی: بەراوردێک لەنێو ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتان و ئەوانەی کە لەلایەن پیاوانە سەرۆکایەتی دەکرێن لە قەزاکانی گەڕانەوە (٢٠٢٣)دا. ئەم توێژینەوەیانە هەڵسەنگاندنێکی چەندایەتییان بۆ لاوازییەکانی پەیوەست بە پەیوەندی یەکگرتنەوە و یەکخستنەوە جێگیری ژنانی گەڕاوە و ئاوارەکان لێ ئامادەکرا. بەمەبەستی تەواوکردن و قوڵبوونەوە لە دەرئەنجامەکان، ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی چۆنایەتی بەکاردەهێنێت بۆ گرنگیدان بە ژنان و بڕیاردانی ژنان لە لەسەر چوار بەربەستی بەردەم یەکگرتنەوە: (i) دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەنامە و پێناسەکان، (ii) ماوەی نیشتەجێبوون، (iii) کاروکاسبی بژێوی ژیان، و (iv) تۆڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

## ٢. ڕێباز

ئامانجی توێژینەوەکە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەیە:

چ هۆکارێکی تایبەت کاریگەری لەسەر بڕیاردان هەیە لە کاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ ژنان؟

ئەم هۆکارانە چۆن کاریگەرییان لەسەر توانای ژنان هەیە بۆ تێپەڕاندنی بەربەستە سەرەکییەکانی یەکگرتنەوە؟

توێژینەوەکە ڕێبازێکی چۆنایەتی و شیکارکرنی گێڕانەوە و بابەتیبوونی بەکارهێناوە، گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس (FGDs) بەکارهێنانەوە و چاوپێکەوتنی زانیاریدەرانی سەرەکی (KIIs) وەک شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری سەرەتایی و سەرەکی بەرکارهێنانەوە. جگە لەوەش، پێداچوونەوەی بەسەرچاوە بەردەستەکان و داتاسێتە پەیوەندیدارەکانی ئەنجاماوە لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە و تەواوکردنی دەرئەنجامەکان.

توێژینەوەکە ٢٠ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەسی (FGDs) لەگەڵ ژنانی ئاوارە و گەڕاوە ئەنجامداوە، لەنێویاندا ئەو خێزانانەی کە سەرۆکخێزانەکانیان ئافرەتن و ئەوانەشی کە سەرۆکخێزانەکانیان ئافرەت نین لە ناوچە شاریی و لادێیەکانی زێدیان دان. لەو دانیشتنانەش دا ٤-یان لەگەڵ ژنانی گەنج و هاوسەردار و سەڵتی تەمەن نێوان ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ ئەنجامدرا[1]. پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە نێوان ١١ بۆ ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ ئەنجامدراوە، و لەلایەن کارمەندانی ژنی تیمی توێژینەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە ١٤ شوێن کە هی ١٠ قەزای پارێزگای نەینەوا بوون ئەنجامدرا. ئەم شوێنانەش لە لایەن تۆماری بەدواداچوون (DTM)ی ڕێکخراوی IOMەوە هەڵبژێردران لەسەر بنەماکانی سەختی دابەشبوونی جوگرافی و سنوورەکانی ئەنجامدانی ئیش و کارەکانی پەیوەست بە چارەسەرە هەمیشەییەکان و بە یەکگرتنەوە.

بە کۆی گشتی، ١٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ زانیاریدەری سەرەکی ئەنجامدرا، لەنێویاندا لەگەڵ موختارەکانی شەش لە قەزاکان[2]، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆیی (CSOs)، پسپۆڕانی ناوخۆیی/نێودەوڵەتی و بەرپرسانی حکومەت تێڕوانینە تایبەتییەکانیان سەبارەت بە کەرتەکان و شوێنەکان وەرگیران، و ڕاسپاردەکانیش لە ڕوانگە جۆراجۆرەکان لە داتا و زانیارییەکانی نێو گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس هاتنە ئاراوە و درووستبوون.

١ ئاستەکانی سەختی بە بەکارهێنانی گەڕی ١٧ی پێرستی گەڕانەوە-ی ڕێکخراوی IOM لە عێراق و گەڕی ٥ی پێرستی ئاوارەبوون دەستنیشنکران.

٢ قەزاکانیش: بەعاج، هەترە، ئەلقوش، قەزای ناوەندی موسڵ، شەنگال و قەیرەوان.

### سنوورەکان و مەوداکان

بەشدارپێکردنی ژنانی گەنجی تەمەن ١٨-٢٥ ساڵ بۆگفتوگۆکانی گروپی فۆکەس قورس بوو، ئەمەش بووە هۆی کەمی بەشداریکردنی هەندێک لەو ژنانەی کە تەمەنیان سەروو ٣٣ ساڵ بوو، بەوانەی کە هاوسەرگیریشیان کردبوو. بۆیە، ڕەنگە داتاکانی بەشداریکردنی ئەم چین و توێژەی ئەو ژنە تەمەن سەروو ٣٠ ساڵیانە جیاوازتربووایە. بە هەمان شێوە، ڕەنگە لە گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس لە شەنگال، دەکرا بەشداریپێکردنی ژنانی خێزاندار دید و بۆچوونی دیکەیان بخستبایەڕوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەزموونەکانی سەرۆکخێزانەوە نەبووە.

زۆربەی ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئاستی خوێندنیان نزم بووە (نەخوێندەوار، هەندێک توانای خوێندنەوە/نووسین یان خوێندنی سەرەتایی)، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر هەمەجۆریەتی وەڵامەکان هەبووبێت، بەتایبەتی لەو بەشەی کە تیایدا تیشک خراوەتە سەر بژێوی ژیان و هەلی کار.

لە کۆتاییدا، دەبێت دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە چۆنایەتییە وەک ئاماژەیەک بۆ ١٤ شوێنی نەینەوا کە لەم توێژینەوەیەدا ڕووماڵکراون لێکبدرێتەوە (بڕوانە سنووری نموونەگرتن). بەڵام دەکرا زۆرێک لەم دەرئەنجامانە لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە لە شوێنەکانی دیکەش دا دووبارە بەدەستبێنەوە، کە لە سەرانسەری ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە.

## ٣. دەرئەنجامە سەرەکییەکان

لە ئێستادا ئەو ژنانە کە بە زۆر لە ناوچەکانی زێدی خۆیان ئاوارە دەکرێن، و ڕووبەڕووی بەربەستی دیاریکراو دەبنەوە لە گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان. لە نەینەوا، ئەو ماڵانەی کە سەرۆکخێزانەکانیان ژنە، لەگەڵ ئەو ماڵانەی ڕێژەیەکی بەرزی کەسانی بەتەمەن کە توانای کارکردنیان نییە هەیە[٣]، و ئەمانەش بە زۆری لە ماڵەکانی نێو کۆمەڵگەکانی ئێزدییەکان دا هەن، کە کەمترین بەرەوپێشچوونیان بەخۆیانەوە بینیووە لە گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان – و زۆرجاریش هەردوو تایبەتمەندی سەرۆکخێزانی ژن و هەبوونی ژمارەیەک کەسی بەتەمەنی کە توانای کارکردنی نییە لە ماڵەکان دا بەیەکەوە بەدیدەکرێن[٤]. ڕەگەزی سەرۆکخێزان کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر دەرئەنجامەکانی یەکگرتنەوە هەیە، کاریگەری لەسەر لەسەر بارودۆخی ژنان و دید و بۆچوون و تێڕوانینەکانیشیان هەیە[٥].

ئەم ڕاپۆرتە ئەزموونی ژنان لە گەڕان بەدوای چارەسەرییەکانی ئاوارەبوونیان دەخاتەڕوو، تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگە دیاریکراوانەی کە کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچوون ژنان و گەیشتنیان بە چارەسەرە هەمیشەییەکان هەیە. بەدواداچوون بۆ گەشتی ژنان دەکات لە سەرانسەری پرۆسەکە، لەنێویاندا بڕیاری گەڕانەوە، چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە بەڵگەنامە مەدەنییەکان، نیشتەجێبوون، زەوی و موڵک، دەرفەتی بژێوی ژیان و کار وکاسبی و ڕۆڵی تۆڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان. دەرئەنجامەکان دەریدەخەن کە ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسەر تێڕوانینی ژنان هەیە هەم بۆ بەربەستەکانی یەکگرتنەوە و هەمیش بۆ توانای زاڵبوونیان بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگە کردەییەکان.

### بڕیاری گەڕانەوە

دەرئەنجامی سەرەکی: کاتێک ژنان بڕیاردەدەن کە بگەڕێنەوە یان نا، ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی خێزان دەکەن؛ بەڵام زۆرجار ئەگەر پیاوانی پێگەیشتوو لە خێزانەکەدا هەبن، ئەوا ئەوان بڕیاری کۆتایی لەمبارەیەوە دەدەن. چاودێریکردن و بەخێوکردنی منداڵان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە بڕیارەکەدا، چونکە ژنان هەوڵدەدەن پەروەردە و دەرفەت و ئاسایشی خۆیان مسۆگەر و دەستەبەربکەن، بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی خێزان[٦]، لەوانەش پێداویستییە سەرەتاییەکان و پەیوەندییە خێزانییەکان، کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر بڕیاری گەڕانەوە هەیە.

ژنان دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ خێزانەکەیان بڕیاری گەڕانەوە دەدەن. لە حاڵەتی ئەوەی کە ژنان خۆیان سەرۆکخێزانن، ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی خێزان و خزمەکانیان، لەوانەش خوشک و برا و دایک و باوک و منداڵەکانیان دەکەن. بێوەژنەکان ڕاوێژ بە ماڵی هاوسەرە کۆچکردووەکەیان دەکەن، لەکاتێکدا ژنانی جیابووەوە یان تەڵاقدراو ڕاوێژ بە ماڵی بابی خۆیان دەکەن. ئەگەر ژنەکە خۆی سەرۆکخێزان نەبێت، بەزۆری مێردەکانیان بڕیار دەدەن. لەگەڵ ئەوەش، ژنان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت و قسەیان هەبێت لە پرۆسەی بڕیاردان، بەپێی ئاستی بیر کراوەیی مێردەکانیان کە

٣ ڕێژەی وابەستەیی – ژمارەی منداڵان (تەمەن ٠بۆ ١٧ ساڵ) و کەسانی بەتەمەن (تەمەن ٦٠ ساڵ یان زیاتر) ئەوانەشی کە تەمەن و توانای کارکردنیان هەیە (تەمەن ١٨-٥٩ ساڵ).

٤ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: بەرەوپێشچوونەکانی بەرەو چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق: پرۆژەیەکی تاقیکاری لە پارێزگای نەینەوا (بەغدا، ڕێکخراوی IOM، ٢٠٢٣).

٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ: هەژاری و دەروونی و ماددی: بەراوردێک لەنێو ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ژنانەوە و ئەوانەی کە لەلایەن پیاوانە سەرۆکایەتی دەکرێن لە قەزاکانی گەڕانەوە (بەغدا، ڕێکخراوی IOM، ٢٠٢٢).

٦ ئەم دەرئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی تردا یەکدەگرێتەوە و هاوتەریبە لەگەڵیان، لەوانەش ئۆکسفام ‹من بڕیارم داوە خەونەکەم بەدی بهێنم› تێگەیشتن لە بڕیاردان لە کاتی ئاوارەبوون و گەڕانەوە لە عێراق (لەندەن، ئۆکسفام، ٢٠١٨) و کێری هۆلۆوەی، و فیلیپۆ گراندی «شکۆ و کەرامەت لە ئاوارەبووندا پێداچوونەوەیەک بە ئەدەبیات» (لەندەن، پەیمانگای گەشەپێدانی دەرەوەی وڵات، ٢٠١٨).

دەبێت دیدی ژنەکانیشیان لەبەرچاوبگرن. «**ڕەنگە ژنەکە ئاگاداری ئەو ئاستەنگانە نەبێت کە لەوانەیە لەکاتی گەڕانەوە دا ڕووبەڕووی ببنەوە. بۆیە دەتوانێت قسە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات و بەگوێرەی دید و تێڕوانینی خۆی بڕیارەکە بدات**» (گەڕاوە، ئەو خێزانانەی کە سەرۆکخێزان ژن نییە، شارنشین، سەرەجخانە، موسڵ).

بەڵام لە کاتێکدا کە ئەگەر ئەندامانی خێزان بەشدار بن لە پرۆسەی بڕیاردان، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاری کۆتایی هەر لەدەستی سەرۆکیخێزانەکەدایە. سەبارەت بە ژنانی گەنج، بڕیارەکە بە پلەی یەکەم لەلایەن خێزانەکانیانەوە یان ئەندامێکی پیاوەوە دەدرێت، وەک باوکیان یان مێرد. وەک گەنجێکی بەشداربوو باسیکرد: «**خێزانەکەم ڕای منیان نەپرسی لەسەر بڕیاری گەڕانەوە، چونکە هەمیشە پەیڕەوی لە قسەکانی باوکم دەکەین. باوکم ئەو کەسەیە کە بڕیار لەسەر بابەتەکانی ژیانمان دەدات و ئێمەش ئەوە قبوڵ دەکەین**» (گەڕاوە، ئەو خێزانانەی کە سەرۆکخێزان ژن نییە، شارنشین، حەی شوهەدا، شەنگال).

بەخێوکردنی منداڵان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە بڕیاردان، چونکە ژنان هەوڵدەدەن پەروەردە و دەرفەتی باشتر و سەلامەتی بۆ منداڵەکان، مسۆگەر بکەن. ژنان لە پێشینە بە خوێندنی منداڵەکانیان دەدەن، کە ڕەنگە دابڕاوبن لە خوێندن یان لە کاتی ئاوارەبووندا لێی دواکەوتبن، بۆ نموونە، ئەمەش بەهۆی قەرەباڵغی لە قوتابخانەکان یان شوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوون، یان خراپی ژێرخانی لە شوێنی ئاوارەبوون بووە. هەروەها دەرفەتی کار و کاسبی بژێوی ژیان کاریگەری لەسەر بڕیارەکان هەیە، بەو پێیەی ژنان ڕێگەکانی داهاتووی منداڵەکانیان لەبەرچاو دەگرن بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕۆڵیان لە پەیداکردنی داهاتی خێزانەکە دا هەبێت. زۆرجار ژنان بۆ دۆزینەوەی کار پشت بە منداڵە گەورەکانیان دەبەستن تا ئەو منداڵە گەورانەیان کار و کاسبی بدۆزنەوە و پاڵپشتی خێزانەکە بکەن پێش ئەوەی بڕیار بدەن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان یان لە ئاوارەی بمێننەوە.[٧] ئەمنیەت و ئاسایش یەکێکی ترە لە و لایەنە گرنگانەی کە لەبەرچاو دەگیرێن، ژنەکان گوتیان حەزدەکەن تایبەتمەندیان بپارێزرێت و هەست بکەن کە کار ئاسانی بۆ خۆیان و بۆ منداڵەکانیان دەکرێت لە کاتی گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان بەڵام لە شوێنێکی وەک شەنگال دا کە ئاسایش تێیدا بەرقەرار نییە، جیاکارییەکی زۆر بەرانبەر بە ئێزدییەکان دەکرێت، ئەوەش سەرەکیترین نیگەرانییەکانیانە.



٧ ڕێکخراوی IOM، دەستگەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان لەنێو ئاوارەکان لە عێراق: ئەزموونەکانی سەرۆکخێزانە ئافرەتەکان (بەغدا، ڕێکخراوی IOM، ٢٠٢٠)

| جۆری نیگەرانی | وتە | سەرچاوە |
|---|---|---|
| خوێندن | «لە ترسی بێبەشبوونی منداڵەکانم لە خوێندن بڕیاری گەڕانەوەم دا نەوەک داهاتوویان لە دەست بدەن، وەک چۆن لە خوێندن دابڕان لە کاتی ئاوارەبوونمان و ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژیاین کاریگەری لەسەریان هەبوو لەڕووی دەروونییەوە، بۆیە گەڕانەوە بۆ ئەو ماڵەی کە تێیدا گەورەبوون وایان لێدەکات هەست بە سەلامەتی و دڵنیایی بکەن.» | گەڕاوە، سەرۆکخێزانی ژن (قەسەبات زوممار، زوممار) |
| کار و کاسبی | «زۆربەی ژنان لەبەر هەبوونی هەلی کار گەڕانەوەکە منداڵەکانیان دەتوانن وەک کرێکارانی بیناسازی کار بکەن، یان کاری کشتوکاڵ، یان وەک کرێکاری ڕۆژانە لە بازاڕەکاندا کار بکەن». | ئاوارە، سەرۆکخێزانی ژن، گوندنشین (لە ئەل مەحەتە، لە گوندی لە غازییە لە قەیرەوان) |
| ئەمنیەت و ئاسایش | «بەهۆی دۆخی ئەمنییەوە، دایک و باوکەکان ترسیان لەبارەی منداڵەکانیانەوە هەیە، بەتایبەتی لە کچەکانیان، بۆیە ناچارن لێرە [لە ئاوارەیی دا] بمێننەوە تا بتوانن پارێزگاریان لێبکەن.» | ئاوارە، ئافرەتێک کە سەرۆکخێزان نییە، لادێی، بێبان، ئەلقوش) |
| گرووپە چەکدارەکان | «دوای ئازادکردنی ناوچەکەمان، یەکسەر گەڕامەوە، چونکە من... دەترسام لەوەی منداڵە هەرزەکارەکانم لێم دوور بکەونەوە و بچنە ناو گرووپە تیرۆریستییەکانەوە کە ئەو گرووپانە لە موسڵ بوونیان هەبوو.» | گەڕاوە، ئافرەتێک کە سەرۆکخێزان نییە، شاریی، ناوەندی وانکێ، لە وانکێ |
| تەبایی کۆمەڵایەتی | «[لەو ناوچەیەی کە بۆی ئاوارە بووم و بۆی هاتم] ڕەگەزپەرستی لەنێو منداڵەکان هەبوو - «تۆ عەرەبیت و منیش کوردم» - و منداڵەکانم هەستیان بە جیاوازی کولتووری و زمانیی کرد. گەڕامەوە [بۆ ناوچەی زێدی خۆم] بۆ ئەوەی منداڵەکانم هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکەن لەکۆمەڵگە.» | گەڕاوە، ئافرەتێک کە سەرۆکخێزان نییە، شارنشین، ناوەندی وانکێ، لە وانکێ |
| ئێزدی | «بەهۆی ئەو ترسەی کە لە کاتی هاتنی داعش و قڕکردنی ئێزدییەکان بۆمان دروستبوو، زۆرێکمان نەماندەویست بگەڕێینەوە، تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لەگەڵ هەمان ئەو زەبر و زەنگە دەروونییەدا دەژین کە لە ڕۆژی قەڵاچۆکردنی ئێزدییەکان بینیان.» | گەڕاوە، سەرۆکخێزان، شاریی، حەی شوهەدا، شەنگال) |

## دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەکان

ئەنجامی سەرەکی: دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەنامە لەلایەن ژنانەوە بە شێوەیەکی زۆر بەهۆی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە قاڵب دەدرێت کە بێهیوایان دەکات لەوەی کە بە تەنیا سەفەر بکەن، بە تایبەت لە ناوچەکانی وەک شەنگال، کە ژنانی ئێزیدی ترسیان لە حوکمدانی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی هەیە. ئەو ژنانەی کە وا هەست دەکرێت کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە زایتر ڕووبەڕووی زەحمەتی و ئاستەنگ دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان بەهۆی ترس و جیاکاریکردن و هەبوونی ڕێککاری دووردرێژ.

ژنان ڕووبەڕووی بەربەستی دیاریکراو و بەڵگەدار دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەنامەکان و پێناسە کەسییەکان، لەوانەش هاتووچۆ، ئازادی لە جووڵە، تێچووی زۆر و نەبوونی زانیاری لەسەر ڕێککارە پەیوەندیدارەکان. بەشێوەیەکی گشتی، کاتێک ئەم کێشانە ڕووبەڕووی سەرۆکخێزانە ژنەکان دەبنەوە، دۆخەکە خراپتر دەکات[٨]، کە دوای دیارنەمانی هاوسەرەکانیان، دەبێت بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ چاوەڕێ بکەن پێش ئەوەی داوای هاوکاری پێشکەش بە حکومەت بکەن. هەروەها ژنان زیاتر پشت بە هاوکارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەبەستن کە ئەوەش پێویستیان بە بەڵگەنامەی ناسنامەی سەرەکی هەیە[٩].

دەستڕاگەیشتن بە فەرمانگە حکومییەکان بە شێوەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندایە لە کاتێکدا تەنیا هەندێک لە ژنان هەست دەکەن دەتوانن بە تەنیا بچنە ناو فەرمانگە حکومییەکان[١٠]، نزیکەی هەموو ژنان پێیان باش بوو ئەندامێکی خێزانەکەی لەگەڵ خۆیان بهێنن (وەک هاوسەر بۆ ئەو ژنانەی کە خۆیان سەرۆکخێزان نین، یان خوشک، دایک، کوڕ) یان دراوسێیەک لەگەڵ خۆیان بێنن. ئەمەش بە شێوەیەکی باو بەهۆی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری ژنانەوە کە بە تەنیا سەفەر دەکەن ترسیان لە هەراسانکردن، هەروەها

٨ ڕێکخراوی IOM، ستراتیژیەتی یەکگرتنەوە و چارەسەرە هەمیشەییەکانی دانیشتووانی ئاوارە (بەغدا، ڕێکخراوی IOM، ٢٠١٧).

٩ کۆمیتەی پەنابەرانی دانیمارکی (DRC)، ژنان، ئاوارەبوون و چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق (کۆبنهاگن، کۆمیتەی پەنابەرانی دانیمارکی، ٢٠٢٣)، کۆمیتەی پەنابەرانی نەرویجی (NRC)، هاوڵاتیانی بێ بەڵگەنامە-ی قۆناغی دوای شەڕ و ململانێیەکان لە عێراق (NRC، ٢٠١٩).

١٠ گفتوگۆکانی گرووپی فۆکەس-ی گەڕاوان، سەرۆکخێزانی ژن، گوندنشین; گفتوگۆکانی گرووپی فۆکەس-ی گەڕاوان سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گەنجان; گفتوگۆکانی گرووپی فۆکەس-ی ئاواران، سەرۆکخێزان، شارنشین; گفتوگۆکانی گرووپی فۆکەس-ی ئاواران، سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین.

نەبوونی هۆی گواستنەوە (بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان.) هەیە[١١] . ژنانی گەنج سارد دەکرێنەوە لەوەی کە بە تەنیا سەفەر بکەن، کە دەکرێت ئەمە بۆ ژنانی بێوەژن یان جیابووەوەش ڕاست بێت و بۆ ئەوانیش هەمان شت بێت، ئەمەش بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و قبوڵکردنی کۆمەڵایەتییەوە.

«هیچ عەیبە و نەنگییەکی تێدا نییە پیاوێک بچێتە فەرمانگە حکومییەکان، بەڵام پێویستە ژن زۆر خۆی بپارێزێت کاتێک کە دەچێتە ئەو شوێنانە و بە تەنیا نەچێت... هەست بە ئاسوودەیی ناکەم بچمە بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە حکومییەکان لەبەر قسە و قسەڵۆکی کۆمەڵگە» (گەڕاوە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، شارنشین، گەنج، حەی ئەلشوهدا، شەنگال).

«کاتێک پێویستم بەوەیە بچمە فەرمانگە حکومییەکان، لەگەڵ براکەم یان دایکم دەڕۆم، چونکە هەست بە ئاسوودەیی ناکەم کە بە تەنیا بچم چونکە گەنجم» (ئاوارە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە ، لادێی، گەنج گوندی ئەلمەحەتا ئەلغازیە، ئەلقەیارە).



کاتێک دەێتە سەرباسی ژنانی بێوەژن و جیابۆوە، دید و بۆچوونی جیا جیا هەیە. بە گشتی، ئەوەی هەیە کەمێک نەرمی و مەجالی زیاترە بۆ ژنانی بێوەژن و جیابۆوە، بەتایبەتی کاتێک کە تەمەنیان گەورەترە، و لەوانەیە زیاتر لە لەلایەن کۆمەڵگەوە قبوڵبکرێن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ سەفەرکردن و بێ ئەوەی کەسیان لەگەڵ دا بێت.

ژنان بەگشتی باس لەوە دەکەن کە کاتێک لە فەرمانگەکانی حکومەتدان مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ دەکرێت. جگە لە ژنانی ئێزیدی نەبێت. بە گشتی، ژنان هەست بەوە دەکەن کە لە فەرمانگە حکومییەکان بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و زۆرجاریش ماوەی چاوەڕوانی ڕاییکردنی کارەکانیان کەمترە بە بەراورد بە پیاوان.

لە شەنگال، ژنانی ئێزیدی زۆرجار هەست بە نارەحەتی دەکەن لە چوونە ناو فەرمانگە حکومییەکان بەهۆی نیگەرانییەکانیان لە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی ناوچەکە[١٢]. زەحمەتییەکی دیکەش نەبوونی ئەو فەرمانگەی حکومی تایبەتمەند بە دەرکردنی ناسنامە و بەڵگەنامە لە شەنگال و سنوونێ دا[١٣]. بۆیە دەبێت ژنان بۆ شوێنەکانی تری وەک موسڵ، دهۆک یان تەلەعفەر، کە ڕووبەڕووی کێشەی قەرەباڵغی دەبنەوە و تێچووی گواستنەوە و ئاسانکارییان لەسەرە، بچن (بۆ پارێزەر یان نێوەندگیر). جگە لەوەش، بەهۆی

١١ ئەمەش بە تایبەتی لەلایەن ژنانی ناوچە گوندنشینەکانەوە باسکرا، وەک ئەوانەی لە ئەلقوش بوون، کە توانای داراییان نەبوو بگەڕێنەوە ناووچەکانی زێدی خۆیان (شەنگال) بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامە، یان لە حەمدانییە.

١٢ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی گەڕاوان، سەرۆکخێزانی ژن، گوندنشین.

١٣ ئەم فەرمانگانەش بریتین لە بەشی فەرمانگەی ڕەگەزنامەی عێراقی، فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، فەرمانگەی کاروباری مەدەنی.

جیاوازی کولتوور و زمانێکی کەمەنەوەتەوەیی-ئاینی ئێزدییەکان، کە جیاوازە لە شوێنەکانی وەک دهۆک یان موسڵ، ڕەنگە تێڕوانینی ژنان بۆ جیاکاری زیاد بکات لەکاتی سەردانیکردنی فەرمانگە حکومییەکان لەو شوێنانە دا.

ئەو ژنانەی کەوا هەست دەکرێت ئەندامانی خێزانەکانیان کە سەر بە داعشبوون، ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە یاساییەکان. ترس و بێمتمانەیی لە دەسەڵاتدارانی حکومەت زۆرجار ئەم ژنانە لە داواکردنی هاوکاری پێویستیان دوور دەخاتەوە.[١٤]جگە لەوەش، پرۆسەی بەدەستهێنانی «تابریا- پاکبوون» و ئەگەر بەشێوەیەکی فەرمی باسی ئەوە بکەن کە پەیوەندییان لەگەڵ داعش هەبووە، ڕەنگە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕووبەڕووی هەراسانکردن ببنەوە.[١٥]هەروەها، ئەو کاتەی کە بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامە پێویستەکان دانراوە بە شێوەیەکی زۆر درێژ دەکرێتەوە، لە ئەنجامدا تێچوونی دەرهێنانەوەی ئەو بەڵگەنامە زیاد دەبن. ئەم ئەم دەرئەنجامانە هاوتەریبن لەگەڵ توێژینەوەکانی دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە چەکداماڵین (UNIDIR) ئیدارەدانی دەرچوون لە شەڕی چەکداری (MEAC)[١٦]، کە نیشانیان دا ژنانی سەر بە داعش تووشی ئاستەنگی هاوشێوە دەبن بەهەمان شێوەی ژنانی دیکەی ئاوارە ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام ڕەنگە هی ئەو ژنانە کە سەر بەداعش بوونە تا ڕادەیەکی زیاتر بخایەنێت.

لە ئەنجامی لەبەرچاوگرتنی ئەمانە، لەوانەیە ژنان بەدەستهێنانی بەڵگەنامەکانیان دوابخەن یان نەتوانن دەستیان بە هەموویان بگات، کە لە بەرانبەردا ئەمەش ڕێگری لە ئازادی جووڵە و دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەکات. ئەمەش کاریگەری لەسەر تۆمارکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا دەبێت، هەروەها کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی پاڵپشتی حکومەت (بەتایبەت بۆ ئەو سەرۆکخێزانی ژن)[١٧]، و دەستڕاگەیشتن بە دامەزراوە تەندروستییە گشتییەکان، لەنێو پرسەکانی دیکەدا دەبێت.[١٨]

## دۆخی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون

دەرئەنجامی سەرەکی: توانای ژنان بۆ ژیانکردن بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەزۆری لە ژێر کاریگەری باری دارایی و چۆنیەتی تێڕوانینی کۆمەڵگە دان لە کاتی بڕیاردان بۆ سەربەخۆ ژیان. لە ناوچە گوندنشینەکان بە تایبەتی، داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە سنووردارکردنی مافەکانی ژنان لە خاوەندارێتیکردنی موڵک و میرات، ئەمەش سەرەڕای شایستە یاساییەکانیان. ئەو ژنانەی لە ماڵێکی هاوبەشدا دەژین، لەوانەیە کەمتر کۆنترۆڵکردنی بڕیارە کەسییەکانیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەدەست بێت، لەوانەشە کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە.

ژنان و بە تایبەتی ئاوارەکان، ڕووبەڕووی ناجێگیرییەکی زیاتری نیشتەجێبوون دەبنەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان و ئەگەری ئەوە زیاترە کە ژنان یان میوانداری بکرێن یان لە خانووی کرێدا بن[١٩]. هەروەها ئەگەری ئەوە زیاترە کە ترسی لەوە هەبێت لە شوێنی حەوانەوەیان دەربکرێن یان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر دەبنەوە کاتێک دێتە سەرباسی خانوو و زەوی و موڵک[٢٠]، هەم ترس و هەمیش ئاستەنگی لە مافی موڵک کە کاریگەری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانان لەسەرە. ئەم دۆخەش ڕێگری لە توانای ژنان دەکات بۆ دەستەبەرکردنی خانوو و شوێنێکی نیشتەجێبوونی جێگیر و دروستبوونی هەستی سەقامگیری و ئاسایش بۆ خۆیان و خێزانەکانیان.

توانای ژنان بۆ ژیانکردن بە تەنیا پەیوەستە بە دۆخی داراییانەوە و پەیوەستە بەوەی کە چۆن کۆمەڵگاکەیان لەو جۆرە سەربەخۆییە دەڕوانێت. زۆربەی ژنان دەڵێن کە پارەی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی بە تەنیا بژین، یان بۆ ئەوەی دووبارە خانووەکەیانیانی پێ نۆژەن بکەنەوە، یان شوێنێکی نیشتەجێبوونی پێ بەکرێ بگرن یان پێداویستییە سەرەتاییەکانیانی پێ دابین بکەن، ئەمەش بەو مانایە بوو کە زۆرێکیان لەگەڵ ماڵی بابیان یان لە خانووی هاوبەشدا دەژین. سەرەڕای ئەوە، زانیاریدەرە سەرەکییەکان تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە ئەو ژنانەی کە بە تەنیا دەژین ڕووبەڕووی مەترسییەکانی ئیستغلالکردن و هەراسانکردن دەبنەوە، وەک ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگی ئیستغلالکردن لەلایەن خاوەن خانوو کە دۆخی لاوازی ئەو ژنە دەقۆزێتەوە[٢١]. پێدەچێت هەبوونی داهات ببێتەهۆی جۆرێک و هۆیەک بێت بۆ ئەوەی ژنان سەربەخۆ بە تەنیا بژین، چونکە داهاتەکانیان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پاڵپشتیکردنی خێزانەکە و/یان لەوانەیە منداڵی کوڕی ئەو ژنە لە تەمەنێکی

١٤ پسپۆری زانیاریدەری سەرەکی، ڕێکخراوی UNDP، سەر بە داعشبوون: ئاڵنگارییەکانی بەردەم گەڕانەوە و تێکەڵاوبوونەوەی ژنان و منداڵان (بەغدا، ڕێکخراوی UNDP، ٢٠٢٢).

١٥ زانیاریدەری سەرەکی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی – CSO .

١٦ MEAC، ڕێگەی ماڵەوە لە کامپی هۆل-ەوە: ڕەنگدانەوەکانی ئەزموونی عێراق (ژنێف، MEAC، ٢٠٢٢( ڕاپۆرتی ڕاپرسی ئیدارەدانی دەرچوون شەڕ و ململانێی چەکداری لە قەزای قائیم و لە قەزای ناوەندی موسڵ (ژنێف، MEAC، ٢٠٢٣(، ڕاپۆرتی ڕووپێوی ئیدارەدانی دەرچوون شەڕ و ململانێی چەکداری - ڕاپرسی بە تەلەفۆن (ژنێف، MEAC، ٢٠٢٣).

١٧ ڕێکخراوی IOM، ستراتیژیەتی پاڵپشتیکردنی یەکخستنەوە و چارەسەرە هەمیشەییەکان.

١٨ زانیاریدەری سەرەکی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی – CSO، ڕێکخراوی IOM، ستراتیژیەتی پاڵپشتیکردنی یەکخستنەوە و چارەسەرە هەمیشەییەکان. کۆمیتەی پەنابەرانی دانیمارکی، ژنان، ئاوارەبوون و چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق (کۆبنهاگن، کۆمیتەی پەنابەرانی دانیمارکی، ٢٠٢٣).

١٩ ڕێکخراوی IOM، هەژاری و ماددی و دەروونی، کۆمیتەی پەنابەرانی نەرویجی، ماڵێکی وێران – مافەکانی خانوو و موڵکداریەتی ژنان لە قۆناغی دوای شەڕ و ململانێ لە عێراق (کۆمیتەی پەنابەرانی نەرویجی، ٢٠٢٠).

٢٠ کۆمیتەی پەنابەرانی نەرویجی، ماڵێکی وێران.

٢١ زانیاریدەری سەرەکی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی – CSO

دیاریکراو بەرپرسیارێتی وەک سەرۆکخێزان لە ئەستۆ بگرێت[٢٢]. لە ناوچە گوندنشینەکاندا، داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بەهێزتریان هەیە، لەگەڵ ئەوەی ژنان باسی ئەوەیانکرد کە ناتوانن لە دەرەوەی ناوچەکانی زێدی خۆیان بەتەنیا بژین بەبێ ئەوەی ئەم پرسە لەگەڵ خێزانەکانیان گەڵاڵە بکەن.



«کاتێک گەیشتمە بەعاج ویستم بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکانم بمێنمەوە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی داهاتم نەبوو، ناچار بووم لەگەڵ ماڵی شوبراکەم دا بژیم”

(ئاوارە، سەرۆکخێزانی ژن، گوندنشین، سەورە، بەعاج).

زۆرجار داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا، لەسەرووی هەموو شتێکن لە دەستەبەرکردنی مافە یاساییەکانی ژنان سەبارەت بە خانوو و موڵک. لەڕوانگەی یاساییەوە، کاتێک مێرد کۆچی دوایی دەکات، ژنەکەی مافی وەرگرتنی پشکی لە موڵکی پیاوە کۆچکردووەکەی هەیە. ئەگەر منداڵی نەبێت، پشکی ژنەکە یەک لەسەر چوارە و ئەگەر منداڵی هەبێت، ئەوا پشکی ژنەکە یەک لەسەر هەشتەمی موڵکەکە دەبێت[٢٣]. زانیاریدەرە سەرەکییەکان باسی ئەوەیانکرد کە نەبوونی هۆشیاری و قەبوڵنەکردنی مافەکانی ژنان، لەشوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە و دەوەستێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتووی کۆمەڵگەکە[٢٤].

قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی لە بارەی خاوەندارێتی و وەرگرتنی میرات زۆر جیاوازە. خاوەندارێتی ژن قبوڵدەکرێت ئەگەر ڕۆلی لە خێزانەکەدا هەبێت، لە حاڵەتی دیکەش دا، بەپێی هەندێک مەرج مافی خاوەندارێتیکردنی موڵکی (بۆ نموونە، مێردی مردووە، یان بەو تێگەیشتنەی کە لە کۆتاییدا ئەو موڵکە بۆ منداڵەکانیەتی)، هەمان کاتیشدا ئەمە لەلایەن هەندێک کۆمەڵگەی دیکەوە قبوڵکراو نییە. لە شوێنە گوندنشینەکاندا، خەڵک بە شێوەیەکی گشتی بەڵگەنامەیان نییە بۆ زەویەکانیان، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی کە زەوییەکە وەک کشتوکاڵی پۆلێن کراوە، هیچ بەڵگەنامەی تایبەتی خاوەندارێتیکردنی نییە[٢٥].

٢٢ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی ئاواران، سەرۆکخێزانی ئافرەت، گوندنشین و شارنشین.

٢٣ یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و هەمواکراوەکانی، ڕێکخراوی IOM، زەوی و خانوو و موڵکداریەتی لە عێراق.

٢٤ پسپۆڕی نێودەوڵەتی زانیاریدەری سەرەکی.

٢٥ لەسەرانسەری چەندان گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس، بەهەموو پرۆفایلەکانەوە.

> « بەپێی داب و نەریت، هەموو شتێک هی پیاوانە، وەک چۆن ڕێگەپێدراو نییە ژن خاوەنی هیچ شتێک بێت. [...] لە کۆمەڵگەی ئێمەدا قبوڵکراو نییە ژن خاوەنی موڵک بێت کاتێک مێردەکەی لە ژیاندایە. تەواوی بەشداربووانی دیکە لەگەڵ بۆچوونی ئەو ژنە دا هاوڕا بوون، چونکە لەبابەتی مافی خاوەندارێتی موڵک لەلایەن ژنانەوە داب و نەریتەکان دژ بەیەکن.» گەڕاوە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گوندی قەرەبە کورنە، بەعاج.

دەکرێت ژیانکردن لەماڵێکی هاوبەشدا، بە تایبەت لەگەڵ خێزانێکی دیکە کە خێزانی خۆی نییە، هێزی بڕیاردانی ئەو ژنانە سنووردار بکات. بەهۆی کاریگەرییە دارایی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاوارەبوون، زۆرێک لە ژنان لە کۆتاییدا لە خانووی هاوبەشدا دەژین، ئاڵنگاری و ئاستەنگان قبوڵدەکەن بەهۆی دۆخی ژیان و گوزەرانیان سنوورداریەتی بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان[26]. ئەم دۆخەش کاریگەری لەسەر چەند لایەنێکی شێوازی ژیان و بژاردەکانی بەردەمیانیان هەیە، لەوانەش پۆشینی جلوبەرگ، خواردن، دەرچوون لە ماڵ، میوانداریکردنی میوان و پەروەردەکردنی منداڵ. جگە لەوەش، دەتوانێت دەستڕاگەیشتن بە ئاسوودەیی ژنان بۆ شوێنە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆی سنووردار بکات. ئەم کاریگەریانەش لەنێو ژنانی گەنج دا زیاتر بەرچاوە و بەهێزترە.

ژنان ژیان لە ماڵێکی هاوبەشدا وەک زیادبوونی مەترسی توندوتیژی خێزانی دەبینن،[27]هەرچەندە ئەو ژنانەی کە سەرۆکخێزان نین پێیان وایە ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوازی ڕێکخستنی ژیانیان. ژنان دەڵێن کە زۆرجار توندوتیژی خێزانی بەهۆی بارگرانی دارایی و دەستێوەردانی خێزانی هاوسەر و شەڕ و گریانی نێوان منداڵەکان دەبێت. زانیاریدەرە سەرەکییەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیان خستەڕوو کە ڕەنگە ژنان هەست بە فشار بکەن بۆ قبوڵکردنی بارودۆخی ژیانی هاوبەش بەهۆی کێشە و سەختی دۆخی داراییەکان و نەبوونی هیچ جێگیرەوەیەک، بە تایبەت ئەگەر منداڵیان هەبێت.

ژیان لە ماڵێکی هاوبەشدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر منداڵان هەیە، کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانیان، توشبوون بە توندوتیژی و کەوتنە ژێرکاریگەری لە خوێندن هەیە. ژنان باسی ئەوەش دەکەن کە ژیانکردن لە ماڵێکی هاوبەش وادەکات منداڵەکانیان بکەونە ژێرکاریگەری ڕەفتاری ئەوانی دیکە کە دەکرێت ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەریان هەبێت، بەهۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ منداڵان یان ئەندامانی دیکەی ناو خێزانەکە، ڕووبەڕووی فێربوون و پەیڕەوکردنی بیروباوەڕ و بەها یان ڕێککاری پەروەردەی جیاوازیان دەبنەوە. ڕووبەڕووبوونەوەی منداڵان بە توندوتیژی دەرئەنجامێکی باوی نێوان توێژینەوەکان لە عێراق،[28]بەهۆی ئەوەی کە ماڵ و قوتابخانە بوونە دوو سەرەکیترین شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو توندوتیژیانە[29]. سەرەڕای ئەوە، دەکرێت قەرەباڵغی لە ماڵەوە و بوونی منداڵانی تر ڕێگری لە توانای منداڵ بکات بۆ ئەوەی سەرنجی لەسەر خوێندنەکەی بێت،[30]کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچوونی ئاستی خوێندنی دەبێت.

> «من لەگەڵ پوری هاوسەرەکەم لە ماڵێکدا دەژیم، ئەویش زۆر کۆنترۆڵکەر و کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی هاوسەرەکەم هەیە. ئەو پورەی ناهێڵێت من بچمە بازاڕ [چونکە بازاڕ دوورە، و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە قبوڵکراو نییە ژنان بە تەنیا بچنە شوێنە دوورەکان]، و زۆرجاریش دەستدەخاتە پەروەردەکردنی منداڵەکان خۆیی تێداهەڵدەقورتێنی و هەندێک جار لێیان دەدات. ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی جێگیری داهاتمان نییە، و ناتوانین ماڵەکە بەجێبهێڵین و بەتەنیا خانوو بەکرێ بگرین. ناچارین بەرگەی ئەو شتانە بگرن کە پێمان دەڵێت. ئەویش دەیکات قبوڵیش نەکات کە پێشوازی لە خێزانەکەم / ماڵی بابم بکەم لێرە و ناهێڵێت بێنە ئێرە، بەڵام هەمیشە پێشوازی لە کەسوکارەکانی خۆی دەکات و منیش خزمەتیان دەکەم.»
>
> گەڕاوە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین

> «ئەو ژنەی لەگەڵ چەند خێزانێکدا دەژی زیاتر سنوورداره لە چاو ئەو ژنەی کە بە تەنیا دەژی، و ژیان لەگەڵ کەسانی دیکە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵانیش هەیە. بەهۆی قەرەباڵغی ناو ماڵەکە ناو خێزانەکە، منداڵەکانیان نایانەوێت بخوێنن، هەیە هیچ و مەودایەکی کەسیی و تایبەت لە پەروەردەکردنی منداڵەکان دا نییە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵەکە هەیە، کە لەبەر ژیانکردن لەگەڵ خێزانەکانی دیکیە ناو هەمان ماڵ، ناتوانرێت ڕەفتارەکانی کۆنترۆڵ بکرێت. بەڵام بەهۆی ناجێگیریی و مەترسیداریەتی دۆخی ئەمنی شەنگال و پشماوەی ڕووداوەکانی داعش، و بەهۆی خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری، زۆربەی ژنان لەگەڵ خێزانەکانی تر دەژین و ناچارن ئەوە بکەن.»
>
> ئاوارە، سەرۆکخێزانی ژن، شارنشین

---

٢٦ زانیاریدەری سەرەکی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی

٢٧ لە کاتێکدا کە توندوتیژی خێزانی بە ڕوونی لە گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی گوندنشینەکاندا باس نەکرابوو، لەوانەیە کەم باسکردنی بەهۆی کاریگەری سروشتی خێڵەکی کۆمەڵگە و پەیوەندی و نزیکی کۆمەڵایەتی لەیەکترەوە بێت. بڕوانە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، «بەرەو یەکخستنی سیستماتیکی ڕەگەز لە عێراق - شیکاری جێندەری دەستڕاگەیشتنی ژنان بە چارەسەرە هەمیشەییەکان» (بەغداد، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ٢٠٢٢).

٢٨ بەپێی ڕاپرسی فرە دەرخەری ڕێکخراوی یونیسێف (MICS٦) ٢٠١٨، لە کۆی ٥ منداڵ، ٤ منداڵیان لە عێراقدا لە ماڵەوە یان لە قوتابخانە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنە.

٢٩ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی نەک هەر هەڕەشە لە سەلامەتی جەستەیی و لایەنی سۆزدارییان دەکات، بەڵکو کار لە ئاستی ئاسایبوونەوەی توندوتیژیەکەش زیاتر دەکات، وەک پسپۆڕی نێودەوڵەتی زانیاریدەری سەرەکی ئاماژە پێکراوە. هەروەها بڕوانە «بەرەو یەکخستنی سیستماتیکی ڕەگەز لە عێراق - شیکاری جێندەری دەستڕاگەیشتنی ژنان بە چارەسەرە هەمیشەییەکان»

٣٠ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی گەڕاوان، سەرۆکخێزانی ئافرەت، شارنشین.

## کاروکاسبی بژێوی ژیان

دەرئەنجامی سەرەکی: ژنان سنووردار لەنێو چەند جۆرە کار و پیشەیەک دا سنووردارەدەکرێن «قبووڵکراوەکان»، ئەمەش لەسەر بنەمای داب و نەریت، بە شێوەیەکی گشتی ئەو کار و پیشەیە بەپێی ڕەزامەندی خێزانە. تەمەن، باری هاوسەرگیری و بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی منداڵ زیاتر کاریگەری لەسەر بژاردەکانی کارکردنی ژنان دەبێت. بەڵام لە هەندێک شوێنیش، ئەو بارودۆخە سەختەی ژیان کە بەهۆی شەڕ و ململانێکانەوە هاتۆتە ئاراوە، و هەبوونی ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئاستی هۆشیاری بەرزدەکەنەوە یارمەتیدەربوونە لە گۆڕینی بۆچوون و هەڵوێستە کولتوورییەکان لەمەڕ ئەوەی کە چ بە قبوڵکراو دابنرێت و چ بە قبوڵکراو بزانرێت.

دەستڕاگەیشتن بە کار و کاسبی بژێوی ژیانی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرەوپێشچوون بەرەو چارەسەرە هەمیشەییەکان هەیە[31]. ئەمەش، کاریگەری لەسەر هەردوو بڕیاری گەڕانەوە و بڕیاری یەکگرتنەوەی جێگیر هەیە. ژنان و بە تایبەتی ئەوانەی کە سەرۆکخێزانن ڕووبەڕووی چەند بابەتێکی نەرێنی دەبنەوە لە دەستخستنی داهات، و بەزۆری پشت بە تۆڕی سەلامەتی و دەستەبەری گشتی و نافەرمی، پاڵپشتییەکانی حکومەت و یارمەتی خاو و خێزان دەبەستن.[32]سەرەڕای ئەوە، کاتێک دێتە سەرباسی کار و کاسبیکردن، ژنان ناتوانن بە تەنیا بڕیار بدەن بەڵکو هاوبەش لە بڕیاردانیان هەیە، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی هاوبەشی هاوسەرەکانیان و ئەندامانی تری خێزانەکە، کە کاریگەری لەسەر جۆری ئەو کارە هەیە کە ژنان دەتوانن بەدوایدا بگەڕێن و هەوڵی بۆ بدەن[33].

ژنان سنووردار لەنێو چەند جۆرە کار و پیشەیەک دا سنووردارەدەکرێن "قبووڵکراوەکان"، ئەمەش لەسەر بنەمای داب و نەریت، بە شێوەیەکی گشتی ئەو کار و پیشەیە بەپێی ڕەزامەندی خێزانە. بەگشتی، چاوەڕواندەکرێت ژنان داوای ڕەزامەندی و ڕێگەپێدان لە خێزانەکانیان بکەن بۆ کارکردن. لە حاڵەتێک ئەگەر ژنەکە خۆی سەرۆکخێزان بێت، لەوانەیە ڕووبەڕووی دەستێوەردانی خێزانی/ماڵی بابی هاوسەرە کۆچکردووەکەیان ببێتەوە. ئەو ژنانەی سەرۆکخێزان نین ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە لەوە کە ڕاوێژ بە هاوسەرەکانیان بکەن یان... خزم و کەسوکاری لەڕەگەزی پیاو. وەک لە دەرئەنجامەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر ناکۆکی لەبارەی خواستی ژنان بۆ کارکردن دروستبێت، ئەوا بڕیاری کۆتایی بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە دەستی باوک، هاوسەر یان برا گەورەکەی[34].

«خێزانەکەم ڕێگەم پێنادەن کار بکەم، چونکە بێوەژنم، هەموو جوڵەکانم چاودێری دەکرێن. زۆر هەلی کارم لەبەردەمە، وەکو دروومان یان چێشتلێنەر لە نەخۆشخانە، بەڵام خێزانەکەم ڕەتیانکردۆتەوە". باوکم ناهێڵێت و ڕێگەم پێنادات کاربکەم، چونکە گەنجم و خێزانەکەم زۆر پابەندن بە داب و نەریتەکان". «باوکم ڕێگەم پێدەدات کاربکەم ئەگەر جۆری کارەکە بۆ ژنان گونجاو بێت.» «من لە ناو ماڵی خۆم دا کاری پەرستاری دەکەم، لە ترسی هەراسانکردنم حەزم لە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ نییە.»

گفتوگۆی گروپی فۆکەس، گەڕاوان، سەرۆکخێزانی ژن، شارنشین.

---

٣١ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پێشوەچوون بەرەو چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق.

٣٢ ڕێکخراوی IOM، هەژاری و ناجێگیری ماددی و دەروونی.

٣٣ دامەزراوەی REACH، هەڵسەنگاندنی خستنە سەرکار و هەلومەرجەکانی کارکردنی ئەو ژنانەی کەوتوونەتە بەر کاریگەری شەڕ و ململانێیەکان لە سەرانسەری کەرتە سەرەکییەکان (بەغدا، REACH، ٢٠١٩).

٣٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.



کاره قبوڵکراوەکان بریتین لە دورین، بەرگدرووین، ئارایشتگا، ساڵۆنی جوانکاری، ئامادەکردنی خواردن (وەک دروستکردنی شیرینی)، و لە ناوچە گوندنشینەکاندا، کشتوکاڵ یان ئاژەڵداری، نزیکەی تەنیا لە سنووری گوندەکەیان یان لە شوێنی خۆی لە ماڵەوە. ئەم شێوازانەی کارکردنیش لەگەڵ دەرئەنجامەکانی پێشوودا هاوتەریبن کە ژنان بۆ کایەی تایبەت و پیاوان بۆ کایەی گشتی، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکانی عێراق[٣٥].

تەنانەت بۆ کارە «قبووڵکراوەکان»، زۆرجار خێزان و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی بژاردەی کارکردنی ژنان دەبنەوە. تەمەن و هاوسەرگیری بابەتی مشتومڕن و کاریگەرییان لەسەر قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی ژنان لە هێزی کاردا هەیە. بەگشتی، وا هەستدەکرێت کە کارکردنی ژنانی گەنج قبوڵنەکراوە، بەهۆی بەرتەسکی بیری  کۆمەڵایەتی لەبارەی بابەتی لەگەڵنەبوونی کەسێکی خۆیی و توشی هەراسانکردن هاتن. بەڵام زیاتر ژنانی بەتەمەن قوبڵکراوە و دەتوانن کار بکەن. ژنانی جیابووەوە بە شێوەیەکی زۆر تووشی چاودێری و لێ پرسینەوەی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە کولتوورییەکان دەبنەوە، کەئەمەش  زۆرجار دەتوانێت ڕێگرییان لە گەڕان هەلی کار دا لێ بکات: «**ئەگەر ژنێکی جیابووەوە بێت و بیەوێت لە هەمان بواری یان شوێنی ژنێکی دیکە دا کار بکات، ئەوا ڕووبەڕووی سنووردارکردن و کۆنترۆڵی زیاتری دەبێت چونکە یەکێکە لە چین و توێژە لاوازەکانی کۆمەڵگە و هەموو ئەو هەنگاو و ئیش و جوڵەیەکی لەلایەن کۆمەڵگەوە سەرنجیان لەسەرە**» (گەڕاوە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، شارنشین).

مشتومڕ لەبارەی باری هاوسەرگیری لەنێو ژنانی گەنجدا لەیەکتری جیاوازە، ئەوانەی لە شوێنە شارییەکانی شەنگال دان دەڵێن ژنانی سەڵت ئازادی زیاتریان هەیە، بەڵام دەبێت دوای هاوسەرگیری ڕاوێژ بە هاوسەرەکانیان بکەن. لەبەرانبەردا ئەوانەی لە شوێنە گوندنشینەکانی حەمدانیەن پێیان وایە ژنانی سەڵت ڕووبەڕووی بەرتەسکییەکی زیاتر دەبنەوە بۆ پاراستنی ناوبانگیان. ڕەنگە ئەم دید و تێڕوانینە لەژێر کاریگەری پێکەهاتە کەمەنەتەوە-ئایینەکان دا بێت، کە کۆمەڵگە ئێزیدییەکان زیاتر بیر کراوەن، لە هەردوو شوێنی شار و گوندەکاندا، بەڵام ناوچە گوندنشینەکان تا ڕادەیەک پارێزگارتر دەردەکەون[٣٦].

لە زۆر حاڵەتدا، چاوەڕواندەکرێت ژنان لەبری کارکردن لە پێشینە بە بەرپرسیارێتی خێزانیی خۆیان بدەن[٣٧]. ڕەنگە ئەگەر ژن کار بکات، کۆمەڵگە بە چاوێکی نەرێنی سەیری بکات، و واببینرێت کە ئەو ژنانە بە پێی پێویست گرنگی بە بەخێوکردنی منداڵەکان و بە هاوسەرەکانیان نادەن. ئەمانە ئەو هۆکارەکان کاریگەرییان لەسەر بڕیاردانی ژنان هەیە سەبارەت بەوەی کە ئایا بەدوای هەلی کاردا بگەڕێن یان نا. لە ئەنجامدا زۆرێک لە ژنان بەدوای بژاردەی کارکردن لەنێو ماڵەکەی خۆیان دا دەگەڕێن، ماڵەوە وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم داب و نەریتانە ببینن و چارەسەری ئەو بارگرانی ئەو بەرپرسیارێتیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە پێبکەن،[٣٨] بەم هۆیەشەوە کەمتر کاردەکەن و کار دڵخوازیان کەمدەبێت.

شەڕ و ململانێ ڕۆڵی بینیووە لە گۆڕینی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لەبارەی کارکردنی ژنانەوە. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئاوارەبووندا، سەرەتای شکاندنی نۆرم و داب و نەریتییەکان بووە پێویستیەک بۆ پاراستن و پاڵپشتیکردنی خێزانەکان. لەگەڵ پەرەسەندنی دۆخەکەدا،

٣٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، تێڕوانینەکان سەبارەت بە دەرفەتە ئابورییەکانی ژنان لە ناوچە شارییەکانی عێراق - پاڵنەر و میکانیزمەکان بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکان (بەغدا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ٢٠١٩)؛ دامەزراوەی REACH، هەڵسەنگاندنی خستنە سەرکارو هەلومەرجەکانی کارکردن؛ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پوختەی سیاسەتی کاروکاسبی بژێوی ژمارە ٤، ژنانی ئیشکەر لە عێراق: بەرچاوڕوونییەکانی لە ئەزموونی مەیدانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ-ەوە (بەغدا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ٢٠٢٢).

٣٦ گفتوگۆکانی گروپی گەڕاوە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، شارنشین و گوندنشین، گەنج.

٣٧ بەرپرسانی کۆمەڵگەی زانیاریدەرە سەرەکییەکان.

٣٨ REACHدامەزراوەی REACH، هەڵسەنگاندنی خستنە سەرکار و هەلومەرجەکانی کارکردن؛ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، بەرەو یەکخستنی سیستماتیکی ڕەگەز لە عێراق.

ئەم گۆڕانکاریانە لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیدا لە هەندێک بواری دیاریکراو دا دەرکەوتن. وەک لەلایەن بەشداربووانەوە باسکراوە: «**ئەو بارودۆخە سەختەی ئێستا تێیدا دەژین ژنانی ناچار کردووە کار بکەن بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی خێزانەکەیان بدەن و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خێزانەکەیانی پێ دابینبکەن. لە بابەتی یارمەتیدانی خێزاندا، کۆمەڵگە کەمتر ڕێگر بووە لە بەردەم ئازادی ژنان و لە گرنگی کاری ژنان تێدەگات" (ئاوارە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گەنج)؛: «پێش ئاوارەبوون، کارکردنی ژنان لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕێگەپێدراو نەبوو، بەڵام قۆناغی ئاوارەبوون و نەبوونی دەرفەتی کارکردن و گۆڕینی بیر وایکرد کۆمەڵگە کارکردنی ژنان قبوڵ بکات، بەڵام لە ماڵەوە، و توانای کارکردنی لە دەرەوەی ماڵەوە نییە.**» (گەڕاوە، ژنێک کە سەرۆککخێزان نییە، گوندنشین)

هەروەها کارەکانی ڕێکخراوەکان یارمەتیدەر بووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە خستنە سەرکار و کارکردنی ژنان. لە هەندێک شوێن، بەشداربووان باسیانکرد کە ڕێکخراوەکان کاریگەریان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە مافی کارکردن و سەربەخۆبوونی ژنان بڕیارەکان هەیە (داننان بە کاریگەری بەردەوامی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بیروباوەڕە کولتوورییەکان). ژنێک گوتی: «**ڕێکخراوێک هاتە ناوچەکە و وۆرکشۆپێکی بۆ فێرکردنی ڕستن و چنین ئەنجامدا. داوای مۆڵەتم لە هاوسەرەکەم کرد بۆ ئەوەی بەشداری لە وۆرکشۆپەکەدا بکەم، بەڵام لەبەر کۆمەڵگە هاوسەرەکەم و خێزانەکەی بیرۆکەکەیان ڕەتکردەوە. بەڵام بەهۆی خواستێکی زۆرم، توانیم هاوسەرەکەم ڕازیبکەم و بەشداری وۆرکشۆپەکە بکەم. لە کارەکە و لە بواری درووین سەرکەوتووبووم و بەم هۆیەشەوە پاڵپشتی خێزانەکەم کرد و یارمەتی هاوسەرەکەمم دا، و توانیم بیرکردنەوەی خۆم براکانیشم بگۆڕم، براکانیشم دەستیانکرد بە ڕێگەدان بە ژنەکانیان تا کار بکەن.**» (گەڕاوە، ژنێک کە سەرۆککخێزان نییە، شاریی).



## تۆڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

دەرئەنجامی سەرەکی: داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە تێڕوانینەکانی ژنان بۆخودی خۆیان و بۆ پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا. سەرۆککخێزانی ژن هەست بە سەربەخۆیی دەکات بەڵام هەست بە گۆشەگیرە بەهۆی گێڕانی ڕۆڵی دابینکەر و بەخێوکەر. ژنانی بێوەژن و جیابووەوە ڕووبەڕووی ئاستێکی زیاتری بەدواداچوون دەبنەوە و لەوانەیە هەست بە فشار بکەن بۆ ئەوەی دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە. ئەو ژنانەی کە وا دادەنرێت پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە یان ژنانەی کە فۆڕمی تەبرییە - پاکبوون، بێ بەریبوونیان، واژۆکردووە، زۆرترین گرێ و کۆستی دەروونیان هەیە، هەرچەندە دەگوترێ کە زۆرێک لەو ژنانە ناچار بوون ئەو کارە بکەن. هاوسەرگیری زۆرەملێ/پێشوەختە زیاتر ڕێگری لە پێشکەوتنی ژنان دەکات.

قبوڵکردنی خێزان و قبوڵکردنی کۆمەڵگە، چەواشەکاری و جیاکاریکردن لەو هێڵە سەرەکییەکانەن کە کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی یەکگرتنەوە هەیە.[٣٩] هەستکردن بە گۆشەگیری و پەراوێزخستن دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر یەکگرتنەوەی درێژخایەنی ژنان و گەڕانەوەی جێگیرەکان هەبێت.

زۆرێک لە ژنە سەرۆککخێزانەکان هەستێکی بەهێزیان بۆ کۆمەڵگەکانی خۆیان هەیە، بەتایبەتی بەهۆی بینینی هەردوو ڕۆڵی «باوک و دایک»،

٣٩ ڕێکخراوی IOM، دەرئەنجامە بەراوردکارییەکانی یەکگرتنەوە لە نێوان گەڕانەوەی زۆرەملێ و ئارەزوومەندانە لە ڕوانگەی جێندەرییەوە (بەغدا، IOM، ٢٠٢١).

دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵەکانیان لەڕووی خۆراک، خوێندن، جلوبەرگ و فێرکردنی ڕەفتاری باش. لەپاڵ ئەمەش دا، دەکرێت ئەم بەرپرسیارێتییە هەستی گۆشەگیرییش دروست بکات، چونکە ئەم ژنانە لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی فشارە دارایی و دەروونییەکانی بەجێگەیاندنی هەردوو ڕۆڵی دایک و باوک بوونەتەوە. وەک لە توێژینەوەکانی پێشوودا دەرکەوتووە، [٤٠]سەرۆکخێزانی ژن زیاتر هەست بە پەراوێزخستن و پشتگوێخستن دەکەن وەک لە هاوڵاتی ئاسایی. یەکێک لە بەشداربووان گوتی: «**هەست دەکەم بەشێکم لە کۆمەڵگەکە، بەرپرسی خێزان و بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیان و دابینکردنی پێداویستییەکانیانم. ڕۆڵی باوک و دایک دەگێڕم. بەڵام هەست بە گۆشەگیری دەکەم بەهۆی ئەو فشارانەی ژیان کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبمەوە. ئاسان نییە لە یەک کاتدا ڕۆڵی باوک و دایک بگێڕیت.**» (گەڕاوە، سەرۆکخێزنی ژن، شارنشین). جێبەجێکردنی پێویستییەکان و بینینی ئەم ڕۆڵانە کاتێکی کەمی بۆ کۆمەڵایەتییەکان بۆ هێشتوومەتەوە، کە ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە کلیلی دووبارە تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونییە[٤١].



بەگشتی، ئەو ژنانەی سەرۆکخێزان نین هەستدەکەن کە بە سەر بە کۆمەڵگەکەیانن، توانای دەربڕینی بۆچوونەکان و بەشداریکردن لە بڕیاردانیان هەیە[٤٢]. بەڵام ددانیش بەوەدا دەنێن کە بڕیارەکانیان هێشتا لە ژێر کاریگەری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دان، هەندێک سنووردارکردن بەسەریان دا دەسەپێنن. ئەم دەرئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشووی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچدا هاوتەریب و هاوشێوەیە، [٤٣]کە تیشک دەخەنە سەر باجدان و قوربانی دانی زیاتری ئەو ژنانەی کە پەیڕەوی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ناکەن.

هۆکارەکانی ئەوەی کە ژنان هەستیان نەکردووە کە بە بەشێک لە کۆمەڵگەکەیانن بریتیبوون لە: سنووردارنوونی هێز و توانای بڕیاردان لەبارەی خوێندن و پیشەی دڵخواز، تێنەگەیشتن لەو سەختییەی کە ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە، بارگرانی دارایی یان ژیانکردن لە شوێنە دوورە دەستەکان[٤٤]. هەروەها دەکرێت هۆکارەکان بۆ جیاوازی جوگرافی بگەڕێنرێتەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی وەڵامەکان لەلایەن ژنانی بەعاج-ەوە بوون.

بێوەژنەکان و ژنانی جیابووەوە ڕووبەڕووی ئاستێکی زیاتری چاودێریکردن و بەدواداچوون دەبنەوە ئەمەش بەهۆی نەمان و جیابوونەوە لە هاوسەرەکانیان. لەوانەیە ئەم ژنانە هەستبکەن فشارێکی زیاتریان لەسەر بێت بۆ پابەندبوون بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی دارایی و مەعنەوی کاتێک جیادەبنەوە و یان بێوەژن دەمێننەوە. لە هەندێک حاڵەتدا، ژنان لەوانەیە زیاتر هەست بە بەهێزبوونی بکەن، بە تایبەت ئەگەر بتوانن درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن و بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێداویستیەکانی منداڵەکانیان دابینبکەن، بەبێ بەشداری و دەست تێوەردانی خێزانەکانی دیکەی پەیوەست پێیانەوە. لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت جیابوونەوە کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر پێگە و پاڵپشتیکردنی هەندێک لە

٤٠ ڕێکخراوی IOM، هەژاری و ناجێگیری دەروونی و ماددی.

٤١ ڕێکخراوی IOM، بەرەو یەکخستنی سیستماتیکی ڕەگەز لە عێراق.

٤٢ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی گەڕاوان، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، شانشین.

٤٣ ڕێکخراوی IOM، بەرەو یەکخستنی سیستماتیکی ڕەگەزی لە عێراق.

٤٤ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی ئاواران، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گەنج؛ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی ئاواران، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە و سەرۆکخێزانی ژن، شارنشین؛ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی گەڕاوان، ژنێک سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین.

ژنان لە ناو کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوەی لەوانەیە ژنانی جیابووەوە ڕووبەڕووی چاودێریکردن ببنەوە و وا هەست بکرێت کە لەنێو کۆمەڵگەدا قبوڵکراو نین. ڕەنگە کۆمەڵگە هەندێک ڕێز و نەرمی زیاتری بەرانبەر ژنانی بێوەژن نیشانبدات بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی کە دوای لەدەستدانی هاوسەرەکانیان ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام ئەم هەستەش گشتگیر نییە[٤٥].

ڕەنگە هەندێک لە ژنان ڕووبەڕووی فشار ببنەوە بۆ ئەوەی دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە بەڵام ئەمە دەوەستێتە سەر خێزان و هەبوونی سەرچاوەی داهات. هەندێکیان لە ژنانی جیابۆوە چالاکانە ڕووبەڕووی دووبارە هاوسەرگیریکردنەوە دەوەستنەوە، بە تایبەت ئەگەر ئەزموونی خراپیان لەگەڵ هاوسەرگیرییەکانی پێشوویاندا هەبووبێت[٤٦]. ژنێک وتی: **دوای جیابوونەوەم ئیسرحاتم کرد. [پێشتر هاوسەرگیری کردبوو] هاوسەرەکەم ڕێگری لێدەکردم بچمە دەرەوە، و (خێزانی هاوسەرەکەم) دەستیان دەخستە ناو ژیانم، بەڵام دوای جیابوونەوەکە، ڕزگارم بوو لێی هەستدەکەم ژیانم بۆ گەڕاوە و لە کۆمەڵگە دا درێژە بە ژیانم دەدەم** (گەڕاوە، سەرۆکخێزانی ژن، شارنشین). لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە هەندێک لە ژنان هەست بە فشار بکەن بۆ ئەوەی دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە بەهۆی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە لەسەر ژنانی جیابووەوە و فشاری خێزانەکانیان لەسەریان، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ژنانە ببنە "بارگرانی"یەکی دارایی. [٤٧] « **لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە فشار لەو ژنانە دەکرێت، چونکە لای ئەو خێزانانە هاوسەرگیریکردن بە بنەمای سەقامگیری خێزان دادەنرێت، و پێیان وایە هاوسەرگیری دەتوانێت پاڵپشتی و پاراستنی ماددی دابینبکات بۆ خودی ژنەکان و بۆمنداڵەکانیشیان**» (سەرکردەی کۆمەڵگەی زانیاریدەری سەرەکی).

نیگەرانی سەرەکی سەبارەت بە هاوسەرگیری تەمەن بچووک یان هاوسەرگیری زۆرەملێ هەیە. هاوسەرگیری لە تەمەنێکی منداڵ پرسێکی بەربڵاوە لە عێراقدا،[٤٨] بەتایبەتی لەنێو ئاوارەکان و گەڕاوەکاندا وەک میکانیزمێکی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ کەمکردنەوەی گرانی و قورسی باری ئابوری کە لە ئەنجامی ئاوارەبوون و گۆڕانکاری لە دۆخی دارایی خێزانەکانیانەوە هاتۆتە ئاراوە[٤٩]. ژنان و کچان و ڕووبەڕووی پێشبینی چاوەڕوواننەکراو دەبنەوە ئەمەش لەبەرئەوەی ژنان و کچان بە بارگرانی دارایی دەبینرێت، هاوسەرگیکردنیان وەک ڕێگەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان[٥٠]، بەڵام لە هەمان کات ئەو هاوسەرگیرییە دەرفەتی کارکردنیان لێ زەوت دەکات. ئەمەش کاریگەری دەستبەجێ و درێژخایەنی لەسەر یەکگرتنەوەیان هەیە چونکە ناهاوسەنگی هێز و توانا زیاتر دەکات و لەکاتی بڕیاردان لەژیانیان بوونیان سنووردار دەکات. هاوسەرگیری لە تەمەنێکی منداڵ کاریگەری لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان هەیە کە دەکرێت ڕێگری لە بەرەوپێشچوونی چارەسەرە هەمیشەییەکان بکەن. لەوانەش زیادبوونی مەترسی توندوتیژی خێزانی، زیادبوونی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لە قوتابخانەکان،[٥١]کەمبوونەوەی هەلی کار، زیادبوونی کێشە و گرفتە تەندروستییەکانی پەیوەست بە دووگیانی پێشوەختە/بێ پلان و زیادبوونی ئاستی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە هاوتەمەنەکان.[٥٢]مەرجی یاسای عێراقی [٥٣]کە دەبێت ژنان تەمەنیان لە ١٨ ساڵ زیاتر بێت بۆ ئەوەی منداڵ بەخێو بکەن، دەکرێت ئەمەش بیانخاتە دۆخێکی پڕ لە زەحمەتییەوەو بێهیوایان بکات و داوای جیابوونەوە بکەن،[٥٤]سەرباری ئەو چەواشەکارییە کۆمەڵایەتییەی لە بارەی جیابوونەوەوە هەیە.

ئەو ژنانەی کە ناچار بوون فۆڕمی بێ بەریبوون واژۆ بکەن، هێشتا لە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی جیاکارییەکی بەرچاو دەبنەوە. بەڵام بەشداربووان باسی ئەوەیانکرد کە زۆرێک لە ژنان ناچار بوون ئەو کارە بکەن، بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی پێویست بۆ منداڵەکانیان یان بۆ بەکرێگرتنی خانوو. هەندێک لە ژنان هاوسۆزی لەگەڵ ئەو ژنانەی ئەو فۆڕمەیان پێ پڕدەکرێـتەوە هەیە و پێیان وایە سەرەڕای ئەو چەواشەکارییەی کە بە ڕابردوویانەوە بەستراوەتەوە، مافی ئەوەیان هەیە ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. ئەو ژنانە ددان بەوەدا دەنێن کە واژۆکردنی فۆڕمی بێبەریبوون زۆرجار پێویستە بۆ ئەوەی ژنان ژیانێکی ئاسایی بگوزەرێنن و منداڵەکانیان بچنە قوتابخانە یان خانوو بەکرێ بگرن.[٥٥]ژنێک گوتی: " **فۆڕمی بێبەریبوون "تابریا" هیچ کاریگەرییەکی نەخستۆتە سەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خێزان و خزمەکانم. خزم و کەسانمان لەوە تێدەگەن کە ئێمە ناتوانین ژیانی ئاسایی خۆمان پراکتیزە بکەین ئەگەر "تابریا" پڕنەکەینەوە، هەروەها منداڵان ناتوانن بچنە قوتابخانە،**

٤٥ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی گەڕاوان، سەرۆکخێزانی ژن، شارنشین;گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی ئاواران، سەرۆکخیزانی ژن، شارنشین; گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی ئاواران، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گەنجان.

٤٦ گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس-ی گەڕاوان، سەرۆکخێزانی ژن، شارنشین.

٤٧ زانیاریدەری سەرەکی لەگەڵ دەمڕاستی کۆمەڵگە.

٤٨ ڕێکخراوی یونیسێف، پرۆفایلی وڵاتی هاوسەرگیریکردنی تەمەن منداڵ عێراق (CITY, UNICEF، ٢٠٢٢); کچان نەک بووک، پرۆفایلی وڵات عێراق. تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری لە عێراقدا ١٨ ساڵە، بەڵام بە مۆڵەتی دادگا دەتوانێت تەمەنی هاوسەرگیریکردنەکە بکرێتە ١٥ ساڵ، بە مەرجی ڕەزامەندی دادگا و بەخێوکەری. بەڵام دادوەر دەسەڵاتی جێگرتنەوەی ڕەزامەندی کەسی سەرپەرشتیار و بەخێوکەری هەیە ئەگەر پێویست بوو (یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و هەموارکردنەوەکان، مادەی ٨.) هاوسەرگیری ئایینی خوار تەمەن ١٨ ساڵ و پراکتیزەکردنی وەک نیکاحی موتعە («هاوسەرگیری کاتی» ) زیاتر ڕۆڵیان لە ئەنجامدانی هاوسەرگیری کەم تەمەن و هاوسەرگیری زۆرەملێ هەیە. ئاژانسی یەکێتی ئەوروپا بۆ پەنابەری (EUAA)، هاوسەرگیری بەزۆر و منداڵان (برۆکسل، EUAA، ٢٠٢١).

٤٩ پسپۆڕانی نێودەوڵەتی زانیاریدەری سەرەکی؛ ڕێکخراوی یونیسێف، هاوسەرگیری منداڵان لە شوێنە مرۆییەکان: تیشک خستنە سەر دۆخی ناوچەی وڵاتانی عەرەبی، (نیویۆرک، یونیسێف، ٢٠١٨)؛ گۆێرس، ماتیۆ.، هێنرسن، کارا.، کەریم، لوقمان ساڵح. و هاوکارانی. "هاوسەرگیری منداڵان لە نێوان دانیشتوانی ئاوارە – توێژینەوەیەکی ساڵی ٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستانی عێراق" تەندروستی گشتی BMC ٢٢:٧٩٦ (٢٠٢٢).

٥٠ پسپۆڕانی نێودەوڵەتی زانیاریدەری سەرەکی و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٥١ ڕێکخراوی یونیسێف، پرۆفایلی ئاماری دەربارەی هاوسەرگیری منداڵان: عێراق (یونیسێف، ٢٠٢٢).

٥٢ سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNFPA)، هاوسەرگیری منداڵان لە هەرێمی کوردستان (بەغدا، UNFPA، ٢٠١٦).

٥٣ یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و هەموارکردنەوەکان، مادەی ٥.

٥٤ پسپۆڕی نێودەوڵەتی زانیاریدەری سەرەکی.

٥٥ گفتوگۆکانی گروپی فۆکس، گەڕانەوە، سەرۆکخێزانی ژن، شارنشین و گوندنشین؛ گفتوگۆی گروپی فۆکس گەڕانەوە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین؛ گفتوگۆکانی گروپی فۆکس-ی ئاواران، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گەنج؛ گفتوگۆکانی گروپی فۆکس-ی ئاواران، سەرۆکخێزانی ژن، گوندنشین و شارنشین.

**ناشتوانین [لە خانوویەکی کرێدا] بژین**" (ئاوارە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گەنج). بەڵام هێشتان جیاکاری دەکرێت بەرانبەر بەو خێزانانەی کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە، چەند نموونەیەکیش هەیە لەو ژنان کە نەتوانن بگەڕێنەوە، کۆمەڵگەکان ڕێگری لە سەرکردە ناوخۆییەکانیان (موختارەکان) دەکەن کە هاوکاریان بکەن یان مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان پێبدرێت، ئەمەش بەهۆی هەبوونی ترس لەوەی کە ئەو ژنانە پیاویان لەگەڵ دا نییە و لەبەر سەر بەداعشبوونیان مەترسی ئەنجامدانی شەڕانگێزیان بەرنبەر هەیە[٥٦]. ئەمە لەگەڵ توێژینەوەیەکی دیکەدا هاوتەریبە،[٥٧]و دەریدەخەن کە هەندێک خێزان بەهۆی ئەوەی کە هەستدەکرێـت پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە ڕووبەڕووی زەحمەتی زیاتر دەبنەوە لە قبوڵکردنیان لەلایەن کۆمەڵگەوە، و کەمتر پاڵپشتی خێزان و تۆڕ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە. لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەو توێژینەوە دەریخست کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، یەکگرتنەوەی سەرکەوتوو بە نەبوونی هێرشی تۆڵەلێکردنەوە یان پرسەکانی تری کۆمەڵگە پێوانەدەکرێت.

## دید و ئاسۆی داهاتوو

ئەو ژنانەی کە دەستیان بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و ئەمنیەت و ئاسایش دەکات و هەلی کاری باشتریان هەیە، دەڵێن زۆرجار لە ناوچەی ئێستایان دەمێننەوە و ناگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان. بە پێچەوانەشەوە، ئەوانەی ئارەزووی جێهێشتنی شوێنی ئێستایان دەکەن یان ناتوانن لە شوێنی ئێستای خۆیان بمێننەوە، بە شێوەیەکی گشتی نیگەرانییەکانیان بەهۆی نیشتەجێبوون (ناچارکردن/دەرکردن، ماڵە وێرانبووەکان) بە تایبەتی لە نێوان ئاوارەکان، هەروەها بەهۆی بوونی فشاری دارایی، ئەمانەش لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەی نەینەوادا یەکدەگرێتەوە و هاتەریبن.[٥٨]بەتایبەتی ژنانی گەنج، ئارەزووی ئەوەدەکەن شوێنی ئێستای ئاوارەبوونیان جێبێڵن بۆئەوەی بەدوای هەلی کارێکی باشتردا بگەڕێن. هەروەها هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵیان هەیە، هەندێک لە ژنان دەیانەوێت شوێنی ئێستایان جێبێڵن بەهۆی نیگەرانییەکان لە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینیان لەلایەن کەسانی دیکە (سەرۆکخێزانی ژن)، هەروەها تووشی زەبر و زەنگی دەروونی لە ئاوارەبوون (ئاوارەکان)، یان ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی جینۆسایدێکی دیکە دژی ئێزیدییەکانیان هەیە (شەنگال). ئاڵۆزی و زەحمەتییەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی بەردەوام گەورە و دیارن، چونکە دۆخی نەرێنی لایەنی ماددی و تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بڕیاری گەڕانەوە هەبێت، ڕێگری لە یەکگرتنەوەی درێژخایەن بکەن و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ببنە هۆی جارێکی دیکە کۆچکردن و ئاوارەبوون.

# ٤- کۆتایی

ئەم ڕاپۆرتە لە گەشت و ئەزموونی ناوازەی یەکگرتنەوەی ژنان قوڵ دەبێتەوە و جەختی لەسەر کاریگەرییە دیارەکانی داب و نەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەکاتەوە، هەروەها جەخت لەسەر توانای دارایی و بڕیاردان و ژیانیان بە گشتی دەکاتەوە. ئافرەتان بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی خێزان بڕیاری گەڕانەوە دەدەن و زۆر بە جددی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و هەبوونی دەرفەتەکانی کاروکاسبی لەبەرچاودەگرن، هەروەها ڕەچاوی لایەنی ئەمن و ئاسایش دەکەن لە بڕیاری گەڕانەوەیان دا. سەبارەت بەو ژنانەی کە سەرۆکخێزانن، منداڵەکانیشیان ڕۆڵیان هەیە لەوەی کە ئەو ژنانە چۆن خۆیان دەبینن و هەست بە خۆیان دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو ژنانە بەرپرسیاریەتی لایەنی دارایی و سۆزداری منداڵەکانیان لە ئەستۆدایە. داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریەکی گەورە و بەرچاو لەسەر بڕیاری ژنان هەیە، کاریگەریان لەسەر دەستگەیشتنی ژنان بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان، بە خاوەندارێتیکردنی خانوو و موڵک، و دەرفەتەکانی کاروکاسبی هەیە. تەمەن، باری هاوسەرگیری و هەستکردن بەوەی کە سەر بەکێن، ئاستەنگ گەڵێکی دیکەی بەردەم بڕیارەکانی ژنانن. ئەم ئاستەنگ و ئاڵنگاریانەش دەتوانن ڕۆڵی ژنان کەم بکەنەوە، ئەمەش وا دەکات کە زۆر بۆیان زەحمەتر بێت کە بتوانن کۆنترۆڵی ژیانی خۆیان بکەن بەرەو چارەسەرە هەمیشەییەکان بچن.

زەحمەتی و ئاڵۆزییەکانی بەردەم دانانی پرۆگرام و هەوڵەکانی یەکخستنەوە تیشک دەخاتە سەر گرنگی چارەسەرکردنی ئاستەنگ و ئاڵنگارییە دیاریکراوەکانی تایبەت بە ژنان. پێویستە پرۆگرامەکان ڕۆڵی بڕیاردانی ژنان لەبەرچاو بگرن لەنێو ئەو ئاستەنگە پڕ لە ئازار و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەی کە تیایدان، و ژینگەیەکی لەباریان بۆ بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی دووپاتی مافەکانیان بکەنەوە و بڕیارگەلێک بدەن کە سوودی بۆ خێزانەکانیشان هەبێت. ڕێبازێک بگیرێتە بەر کە هەستیار بێت بەرانبەر بەو پرسانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون، ئەمەش پاڵپشتییەکی باشتری گەشت و ژیانی ژنان دەکات بەرەو یەکگرتنەوەی سەرکەوتوو و هێز بەبەرداکردنەوەیان لە دوای ئاوارەبوون.

٥٦ گفتوگۆکانی گروپی فۆکس-ی ئاواران، سەرۆکخێزانی ژن، گوندنشین و شارنشین؛ گفتوگۆکانی گروپی فۆکس-ی ئاواران، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە، گوندنشین، گەنج؛ گفتوگۆکانی گروپی فۆکس- گەڕانەوە، ژنێک کە سەرۆکخێزان نییە ، شارنشین؛ پسپۆڕی نێودەوڵەتی زانیاریدەری سەرەکی و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٥٧ پرۆژەی رووپێوی ئیدارەدانی دەرچوون شەڕ و ململانێی چەکداری - MEAC، ڕێگەی ماڵەوە لە کامپی هۆل-ەوە: ڕەنگدانەوەکانی ئەزموونی عێراق (ژنێڤ، MEAC، ٢٠٢٢).

٥٨ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پێشڤچوونەکان بەرەو چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق.

# ٥- ڕێگەی داهاتوو

**هەڵمەتە گشتگیرەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری:**

- دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کەمی زانیاری لەسەر بابەتگەلی تایبەت (بۆ نموونە، زانیاری لەبارەی بەڵگەنامە، یان ڕێککارەکانی موڵکداری)، هەروەها یارمەتی ڕۆشنبیرکردنی ژنان بدات دەربارەی مافەکانیان و ڕۆڵی هەبێت لە پێشخستن گۆڕینی بیرکردنەوە سەبارەت بە ڕۆڵ و یەکسانی لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش هەم لەنێو پیاوان هەمیش لە نێو ژنان دا. دەبێت ئەم هەڵمەتانە ئامانجیان بەهێزکردنی ژنان بێت تا بەئاگادارییەوە بڕیاربدەن و ڕووبەڕووی داب و نەریتە تەقلیدییەکان ببنەوە، ڕەخساندنی ژینگەیەکی گشتگیرتر و پاڵپشتیکەرتر بۆ بەهێزکردنی ژنان.
- دەکرێت نموونەی کارەکانی هەڵمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەیەکتر جیاواز بن، کە بابەتگەلی تایبەت وەک خاوەندارێتی خانووبەرە و گۆڕینی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە کارکردنی ژنان بگرنەخۆ (بەتایبەت لە ڕێگەی ڕێبازەکانی گۆڕینی ڕەفتارەوە)[٥٩] هەروەها هەبوونی دەستپێشخەرییەکی فراوانتر بە ئامانجی کەمکردنەوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردنی ئاستی قبوڵکردنی ژنانی جیابووەوە لە کۆمەڵگەدا. دید و فیدباکەکانی بەشداربووانی گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس ئەوەیان نیشاندا کە ئەم جۆرە هەوڵانە کاریگەری ئەرێنیان هەیە، بەتایبەتیش هەڵمەتەکانی ڕێکخراوەکان کە کاریگەری هەیە لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و گۆڕینی تێڕوانین و هەڵوێستەکان سەبارەت بەو ژنانەی کە کاردەکەن، نەک تەنا لەنێو ژنان دا، بەڵکو لەنێو پیاوان و هاوسەرەکانیشیان دا.

**باشترکردنی دەرفەتەکانی کاروکاسبی بژێوی ژنان:**

- پێشکەشکردنی کۆمەڵێک پاڵپشتی کاروکاسبی بژێوی ژیان، لەوانەش ژمارەیەک خزمەتگوزاری وەکو سەرپەرشتیکردن، تەکنیکی، ماددی، پاڵپشتی دارایی و دروستکردنی تۆڕی پەیوەندییەکان/ڕەوانەکردن بۆ کار ئەوەی یارمەتیدانی ژنان بدرێت بۆ دەستپێکردنی کارەکانی خۆیان یان دەستکەوتنی کار. پێویستە بە وردی ڕەچاوی پێویستی و پڕبوونی بازاڕ بکرێت، ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوە لە دەستبەرکردنی ژینگەیەکی بازرگانی جێگیر. دەتوانرێت لە دەرفەتەکانی کارکردن ماڵەوە بڕوانرێت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ژنان تا بتوانن بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی منداڵەکانیشیان بەجۆرێک بە جێبەگەیێنن هاوتەریب و گونجاو بێت لەگەڵ داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پێدانی پارەی کاش بۆ کارکردن یان دەستپێشخەرییەکانی تایبەت بە ژنان دەتوانن یارمەتیدەر بن لە دابینکردنی دەرفەتی زیاتر و دەستخستنی داهات، لە هەمان کاتدا ڕێز لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگیرێت. وەک باسمان کرد، دەبێت ئەم دەستپێشخەرییانە بە ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە و هەستیارییەوە ئەنجامبدرێن، ئەمەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بیرکردنەوە و تێڕوانینە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگە دەربارەی کارکردنی ژنان و ئەو ژنانەی کە کاردەکەن هەیە. ئەم هەوڵانە دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لە بەرەوپێشبردنی ژینگەیەکی پاڵپشتیکەر بۆ بەهێزکردنی ژنان و بەشداریکردنیان لە کار و چالاکییە ئابورییەکان.
- پاڵپشتیکردنی بەردەوامبوون و درێژەدان بە خوێندن – پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی کە گرنگی بە توانا و شارەزاییە و پیشەسازییە تایبەتەکان دەدەن بۆ بەرزکردنەوەی توانای خستنەسەرکار و توانای پەیداکردنی داهات لەلایەن ژنان، خولەکان لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆر (وەک تەکنەلۆژیا، فێربوونی زمان) یان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ژنان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن (بۆ نموونە، پرۆگرامەکانی خوێندنی خێرا بۆ ئەو کەسانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە، یان زیاترکردن و پاڵپشتیکردنی خوێندنی ژنان بۆ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتنی ژنان و کچان بە خوێندن).

**پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی:**

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی عەقڵی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی کە گرنگی بە ژنان دەدات، بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە جیابووەوە و بێوەژنن، و منداڵان، بۆ یارمەتیدانیان بۆ چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی کۆستی دەروونی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە باری هاوسەرگیرییان، لە هەمان کاتدا پێدانی پاڵپشتی سۆزداری و فێرکردنی خۆڕاگری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵکردن لەگەڵ زەبر و زەنگ.
- دانانی سیستەمی پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، وەک دروستکردنی ناوەند یان تۆڕی کۆمەڵایەتی، بۆ دروستکردن و بەستنەوەی ژنان بەیەکەوە، بەهێزکردنی هەستی کۆمەڵایەتی و قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی و هێز بە بەرداکردنەوەی ژنان.
- بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتنی توندوتیژی جێندەری (GBV)، لەوانەش دروستکردنی شوێنی سەلامەت و ڕاهێنانی کارمەندانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، وەک کارمەندانی تەندروستی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش چارەسەری کێشەکانی توندوتیژی جێندەری بکەن.

**ڕێوشوێنەکانی سیاسەتی کارکردن و داکۆکیکردن:**

- دابینکردنی پاڵپشتی یان بەرنامەی کۆمەڵایەتی و دارایی بەهێزتر بۆ ژنانی جیابووەوە و بێوەژن، لەوانەش پێدانی پارە یان هاوکاری دارایی بۆ یارمەتیدانیان بۆ تێپەڕاندنی کێشە ئابوورییەکان و باشترکردنی بژێوی ژیانیان. هەروەها پێشکەشکردن هاوکاری بۆ یارمەتیدانی

٥٩ ڕێکخراوی IOM، هاندانی بەهێزکردنی ئابوری ژنان لە عێراق (بەغدا، IOM، ٢٠٢٣).

ژنان تا بتوانن دەستیان بە پاڵپشتییەکانی حکومەت بگات.

- بەشداریکردن لە هەوڵەکانی داکۆکیکردن بۆ ئاسانکردنی یاساکانی حکومەت، ئاسانکردنی ئەو ڕێککار یان مەرجە تایبەتیانەی کە ڕەنگە ڕێگری لە ژنان بکەن لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی (وەک بەڵگەنامە)، سەرچاوە یان دەرفەتەکان، ئەمەش وا دەکات ژنان بەشێوەیەکی ئاسانتر و سوود لە بەرنامەکانی حکومەت وەربگرن.
- بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی لەمەڕ بابەتەکانی وەک توندوتیژی خێزانی و هاوسەرگیری تەمەن بچووک. لەوانەش: دڵنیابوون لەوەی کە تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری جێبەجێدەکرێت و ئەو هاوسەرگیرییانەی کە منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی تێدایە قەدەغە بکرێن و ڕێگەیان پێنەدرێت، نەهێشتنی ئەو حاڵەتە شازە لە یاسای باری کەسیدا کە ڕێگە بە دادوەرەکان دەدات مۆڵەت بە هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی یاسایی بدەن، دانانی سزا بۆ ئەوانەی هاوسەرگیری منداڵان ئەنجامدەدەن و دەرچوواندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی.



# پاشکۆ

## دابەشکردنی نموونەکان

### گفتوگۆکانی گروپی فۆکەس

| | | سەرۆکخێزانی ژن | ژنێك کە سەرۆکخێزان نییە | گەنج (١٨- ٢٥ ) ساڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| گەڕاوە | شارنشین | ٣ | ١ | ١ | ٥ |
| | گوندنشین | ٣ | ١ | ١ | ٥ |
| ئاوارە | شارنشین | ٣ | ١ | ١ | ٥ |
| | گوندنشین | ٣ | ١ | ١ | ٥ |
| کۆی گشتی | | ١٢ | ٤ | ٤ | ٢٠ |

### چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەری سەرەکی

| ژمارە | پرۆفایل/پۆل و جۆر |
|---|---|
| ٦ | بەرپرسانی کۆمەڵگە |
| ٦ | ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |
| ٥ | پسپۆڕانی ناوخۆیی (زانکۆ) |
| | پسپۆڕانی نێودەوڵەتی |
| ٢ | نوێنەرانی حکومەت |
| ١٩ | کۆی گشتی |

### شوێنەکان

| (شارنشین) شاریی | (گوندنشین) لادێی |
|---|---|
| سیرج خانە، موسڵ | گوندی کەڕابە کوڕنە، بەعاج |
| حەی شوهەدا، شەنگال | ناوەندی موحەلەبیە، موحەلەبیە |
| زوممارِ، زوممار | گوندی قابیر بن نایف، قەیارە |
| ناوەندی وانکێ، وانکێ | کەرەمەلیس، حەمدانیە |
| هەوی ئەل کەنیسە موسڵ | ناوەندی هەترِە، هەترِە |
| ئێنتیسار، بەعاج | گوندی مەحەتە غازیە، قەیارە |
| سەورە، بەعاج | بێیان، ئەلقوش |

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq


IOM ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ

Kingdom of the Netherlands


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٤

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.